Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.27 19:53:56 +01'00'

# تەوەری شیعری لیریك

## دلاوەر قەرەداغی

بۆ بەرێز کاکە بەختیار

لە راستیدا من بەکارهێنانی زاراوەی ( شیعری ستران ئامێز) لە رووی زمانەوانییەوە بەرامبەر لیریك، لە زاراوەی (شیعری گۆرانیی) بەراستتر دەزانم. پێموایە ئەمەی دواییان، بە هەڵە لەم چەند ساڵەی دواییەوە دەقمان بە بەکارهێنانییەوە گرتووە. ئاخر شیعری گۆرانیی وێڕای ئەوەی بەرامبەر زاراوەی لیریك **Lyrik** نایەتەوە، لە رووی زمانیشەوە چ مانایەکی نییەو دەنگدانەوەیەکی رەقی هەیە. لیریك وەك خەنێر **Gener** ێکی سەربەخۆی ئەدەبیی کە رایەڵە بە قۆناغی رۆمانتیکی شیعرەوە، بە هەموو ئەو شیعرانە دەگوترێ کە سترانێکی نووستوو لە قوڵاییانڕا هەیە، مەرج نییە بۆ ئەوە نووسرابن یاخود ئامانج لە نووسینیان بە ستران کردنیان بێت، ئەوانە شیعرگەلێکن کە لە رووی سەنعەتی زمان و فەزای شیعرو وێنەو بابەتەوە رەوان دەڕژێنە گوێی وەرگر، زوو ژێی هەستی گوێگر دەلەرێننەوە، ئاسان ئەزبەر دەکرێن، شەڵاڵن بە هەست و سۆز، سروشت و ئەڤین دوو کۆڵەگەی سەرەکیی بونیادی شیعرەکەن و بەزۆریش شیعرگەلی کێش و سەروا دارن.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، ئەوەی زیاتر جۆرە تایبەتمەندییەك بەم شیعرە دەدات، بوونی گۆرانیی، نەغمەو میلۆدییەکی حەشاردراوە لە دووتوێی وشەو وێنەو فەزای گشتی شیعرەکەدا. ئەرکی ئاوازدانەر بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرەدا بریتییە لە وەئاگاهێنان و کەشف کردنی ئەو گۆرانی و نەغمەو میلۆدییە ناوەکییە، بریتییە لە دۆزینەوەی ترپەی دڵی موسیك لە توێ توێی وێنە شیعرییەکاندا، دۆزینەوەی ئەو ریتمەیە کە مۆسیکی وشەکان لە گوێی وەرگردا رەوانتر دەکاو هاسانتر لەگەڵ هەستەکانیدا دەیهێنێتە قسە. لە جۆرە کارکردنێکی وادا هیچ شتێك بەهەدەر ناچێت، وشەو موسیك دەبنە یەك شت، هیچ کامیان ناکرێتە قوربانی ئەویتریان، هەردووکیان دەبنە ستران.

لەراستیدا زۆربەی ئەو شیعرانەی کە ئەمڕۆ لای ئێمە بە هەڵە پێیان دەگوترێت شیعری گۆرانیی ( بێگومان جگە لە شیعرە لیریکییەکانی بۆ نموونە: وەفایی، گۆران، هەردی و دیلان و شاعیرانی دی ) هیچ کام لەو پێکهێنەرانەیان تیادا بەدی ناکرێت کە (لیریك) ی وەك خەنیرێکی ئەدەبیی پێ دەناسرێتەوە. دەشێ بنچینەی هەڵەکەش بەڕای من لەوێوە سەرچاوەی گرتبێ کە هەموو شیعرێکی سەروا دارو بە کێشی پەنجە نووسراو لای ئێمە دەکرێتە کەرەستەیەك بۆ بە ستران کردن. هەمان کێشە کە لەگەڵ شیعری منداڵ و دونیای سترانی منداڵاندا رووبەڕووی بووینەتەوە. راستە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شیعرە رایەڵ بوونێتی بە کێش و سەرواوە، بەڵام ئەوە تەنها یەك تایبەتمەندییەو وا ناگەیەنێ کە هەر شیعرێك بەو ستیلە نووسرابێت ئیدی بۆ بە ستران کردن بشێت و هەر شیعرێکیش بە کێشی پەنجە نەنوسرابێت و سەروای نەبێت، ئیدی ناتوانرێ بە ستران بکرێت. لەم بارەیەوە دەکرێت شیعری گۆرانییەکانی ستران بێژانێکی وەك فەرهاد و ئەحمەد قایا بە نموونە بهێنرێتەوە. من وایدەبینم کە ئێمە دەیان شیعری پاراوی لیریکیمان هەیە کە کەس توخنی پرۆسەی بە ستران کردنیان نەکەوتووە، ئەنجا یان ئەوەتە شیعرەکە نائاسرێتەوەو مۆسیك دانەر سەلیقەی وەئاگاهێنانەوەو هەڵگۆزانی سترانی ناو شیعرەکەی نییە، یاخود شیعرەکە بە رووالەت خاوەن کێش و سەروا نییەو دیارە ئەمەش کاری ئاواز بۆ دانانی زەحمەت کردووە.

مۆسیکدانەرو ستران بێژی پسپۆڕ لەبوارەکەی خۆیداو شارەزا لە دونیای شیعرو هەستیار بەرامبەر سیحری وشە، بە بڕوای من دەزانێت چۆن و لەکوێوە دەکەوێتە ناسینەوەی شیعرو پرۆسەی بەگۆرانیی کردنی شیعرێکی ستران ئامێز، چۆن و لەکوێوە کێشی ناوەوەی شیعرەکە دەدۆزێتەوەو هەڵیدەگۆزێ، چۆن و لەکوێوە دەکەوێتە وەئاگاهێنانەوەی ئەو گۆرانییەی کە لەگەرووی شیعرەکەدا راکشاوە، چۆن و لەکوێوە (بە نەغمە) توخمی نەمریی دەبەخشێتە وشەو لە گوێی وەرگردا دەیکاتە سەدایەکی تژیی لە سۆزو موچوڕکە. دەزانێت چۆن و لەکوێوە (گۆران) گوتەنیی: ( دەروێش عەبدوڵڵا ئاسا دەکەوێتە سکاڵا لەگەڵ رۆحی کلۆڵماندا کردن! )

بەم پێیە ئەرکی مۆسیك دانەر یاخود راستتر بڵێین کاری وی لەو پرۆسەیەدا کارێکی چڕوپڕ ترو هەمە لایەنە ترە، چ باشتر گەر مۆسیك دانەرو ستران بێژ خۆیان شاعیر بن ( وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ کیژە ستران بێژی سوێدی بە رەچەڵەك کورد دلبا **Dilba** دەیکات بەوەی زۆربەی شیعری گۆرانییەکانی خۆی دەیان نووسێت) ئەگەر نا، ئەوا لانی کەم دەبێ مۆسیك دانەرو ستران بێژ شیعر ناس و خاوەن سەلیقەیەکی بەرزی شیعریی بن. هەمان مامڵەی شاعیرانە لەگەڵ وشەو سیحری زمان و ریتمی ناوەکیی وشەکاندا بکەن. لەگەڵ شیعرەکەدا بژێن و خەون ببینن و بگریەن، ئەمجارەشیان هەر پەنا بۆ گۆران دەبەم و خۆی گوتەنیی، دەبێ شیعرەکە ( رۆحیان بخاتە سەر لەرەی غەم!) ئاخر کەم نین ئەو شیعرە لیریکییە جوانانەی دونیای ئەدەبیاتی ئێمە، بە تایبەتی لەم چەند ساڵانەی دواییدا، گەلێك بە خەراپیی کراونەتە گۆرانیی و لە هەموو جوانیی، پاراویی، سیحرو هێزی گوزارشتیان داماڵراون.

ئەوڕۆکە وەك سەرنج دەدرێت سترانی کوردیی رووبەرێکی دیاری لە چالاکییە هونەرییەکان پێکهێناوەو ئەو هەژموونەش ( وەك من تا رادەیەکی کەم ئاگادار بم) بە پەخشی تەلەفیزیۆنە فەزاییە کوردییەکانەوە دیارە. بە داخەوە بە ئاشکرا هەست بە زۆری و بۆریی لە وێنەگرتن و بەرهەمهێنان و پەخشی ئەو سترانانەدا دەکرێت. ئەو شەپۆلە بە رادەیەکە کە دڕی بە بەرهەمە ناوازەکانیش داوەو ئەوانیشی لای گوێگر تاڵان فرۆش کردووە. ئەمڕۆ ئێمە لێرەوە گوێمان لە سترانێك دەبێت کە رەنگە بێدەنگ کردنی تەلەفیزیۆنەکەو تەماشاکردنی وێنەکانی گەلێك خۆشترو بەسۆزتر بێت لە گوێ گرتن لە خودی سترانەکە. گوێمان لە سترانێك دەبێت کە رەنگە باشتر وابێت لە بری ئەوەی بنووسرێت شیعری یاخود هۆنراوەی فلان، بنوسرێت: قسەی یان وڕێنەی فلان یان لەباشترین حاڵەتدا بنووسرێت: تێکست یاخود کلمات، وەك ئەوەی کە عارەبەکان لەسەر تیتێلی هەندێك لە گۆرانییەکانیان دەینووسن.

ئەوەی جێی داخە، زۆر لەو سترانە خۆشانەی کە ماوەیەکی درێژە لە یادەوەریماندان و ساتەوەختگەلێکمان لە رۆژانی رابردوو بە تاڵیی و شیرینییەکانییەوە، بە شکست و راچەنینەکانییەوە وەبیردێننەوەو دەمانبەنەوە بۆ یەکەمین زام و بۆ یەکەمین دڵشکان و

دەمانبەنەوە بۆ ژێر یەکەمین باران، ئەمڕۆ بە دەنگی هەمان سترانبێژ نوێ کراونەتەوە، کەچی مەخابن چێژی هەمان گۆرانییەکەی جارانمان پێ نابەخشن و هەمان سۆزمان تێدا ناوروژێنن.

سەرەڕای ئەو قەیرانەی ئەمڕۆی موسیك و سترانی کوردیی کە پێشتر بە کورتیی لێی دووایین، ناکرێ ئەو چەند هەوڵە جوانە ( گەرچی وەك چەندێتیی کەمیش بن ) نەبینرێت کە هەوڵی جیدی بۆ چوونە دەرەوەو بەزاندنی قەیرانەکە دەدەن. لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ و فەزای نوێدان و دەخوازن ئەو هونەرە بە ئاراستەی باڵا بووندا ببەن. هەر بۆیە کە جاروبار گوێ بۆ یەکێك لەو کارانە رادەدێرین، بێزاریمان دەڕەوێتەوەو لە ناخەوەڕا تژیی لە هارمۆنیا دەبین.

*